پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە دروستکردنی سرکە لە خواردنەوەی ئەلکهولی (خەمر)؟ فەرمووی: نەخێر

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە دروستکردنی سرکە لە خواردنەوەی ئەلکهولی (خەمر)؟ فەرمووی: «نەخێر».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە خواردنەوەی ئەلکهولی (خەمر) ئەگەر بگۆڕدرێت هەتاوەکو دەبێتە سرکە، وئەمە باسە لە پاش دابەزینی حوکمی حەرامبوونی سەرخۆشکەرەکانە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد لەم کردەوەیە. بۆیە خواردنەوەی ئەلکهولی (خەمر) بگۆڕدرێت بۆ سرکە بە هەرشێوەیەک بێت: ئەگەر شتێکی تێبکرێت وەکو نان یان پیاز یان ترشێنەر -هەوێن- یان هەرشتێکی تر، یان لە پێش سێبەرەوە ببرێت بەرەو پێش خۆر یان بە پێچەوانەوە، یان تێکەڵ بە مادەیەکی تر بکرێت؛ لەسەر حەرامبوونەکەی خۆی دەمێنێتەوە، وئەمە نابێتە هۆی گۆڕینی حوکمەکەی، بەڵام ئەگەر مادەی ئەلکهولیەکە (خەمرەکە) خۆی بوو بە سرکە بە بێ هیچ دەستکاریکردنێک لە لایەن مرۆڤەوە ئەوا پاکبووەتەوە ولەم حاڵەتەدا حەڵاڵە ودروستە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8369